# داهاتووی پەیوەندییەکانی تورکیاو کوردو یەکێتی ئەوروپا

عەلی کەندی

**تۆرانیەکان تووشی هەستو خواستێکی شێتانە ببون لە پێناو تەواوکردنی پێك هاتەی بوونی نەتەوەیی تورك‌و هەڵبژاردنی ئاینی ئیسلام وەك چەكێك لە پێناو جێبەجێکردنی خواستەکانیان‌و لاسایی کردنەوە لە رێنمایەکانی فتوحاتی ئیسلامی**

دانیشتوانە جیاجیای نژادەکانی کۆن‌و ئێستای تورکیا پێك هاتەی دانیشتوانی کۆنی لەچەندین نەتەوەی جیا لەوانە کوردو لیدانیەکان‌و حەتیبین‌و فرجینەکانی کە بە کاری کشتوکاڵی خەریك بوون‌و بەردەوام بوون لەپێك هێنانی شارستانیەت‌و شوێنەواری گرنگ‌و یەکگرتنەوەی لەگەڵ شارستانیەتی یۆنانی کۆنی ئەغریقی, کەلە سەدەی‌یەکی پێش زایین ئاسیای بچوك بوە پارچەیەك لە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی‌و دوایی ئەو خاوەندیەتی ئیمپراتۆریەتە گواسترایەوە بۆ ئیمپراتۆریەتی بیزەنتییەکان. لەوکاتەدا تورك وەك (نەژادی نەتەوە) بوونی نەبوەو باسی لێوە نەدەکرا تاکو سەدەی هەشتی زاینی, ئەویش بەسەر هەڵدانی لەناوچە بیابانەکانی ولاتی مەنگۆلیای ئێستا لەناوەندی ئاسیادا دەستیان کرد بە (بەتورککردنی) کەسانی هەژارو دەربەدەر بوەکانی گەلانی ولاتە دراوسێکان کەلە ژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتە یەك لەداوی یەکەکانی, ئەمەش بەهۆی شەڕو ململانێی نێوانیان‌و دەربەدەر بوونی نەتەوە بێ دەسەلاتە جیاجیاکان‌و دوا بە دوای ئەوە روویان لەهەرێمی تورکستانی ئێستا کردووەو ئاینی ئیسلامیان کردۆتە رابەرو رۆشەنبیری خۆیان‌و بەکارهێنانی لەپێناو خۆناساندنیان بەگەلانی تر بەبەشداری کردن لە فتوحاتی ئیسلامی‌و فراوان کردنی دەسەلات‌و چەسپاندنی نەژادی تورك واتە پێك هاتەی تورك لەئەنجامی دەربەدەریی نەتەوەو گەلانی تری هەژارو بێ تواناو لاوازی دەسەلات بوە, کەتاکو ئێستاش لەنوسینە هەمە لایەنەکانی نوسەرو رۆژهەلات‌و ناو موئەرخی مێژوو پرۆفیسۆر ناوزەندن بە تۆرانی بەتایبەتی بەر لەسەرهەڵدانی بنەماکانی دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی, واتە نەتەوەیەکی بێ دایك‌و باوك بوونەو خۆشیان ئەو راستیە لەمێژووی رابردوی خۆیان دەزانن.

ناوەندی ئاسیا لە دەریای قەزوین دەست پێدەکات بەرەو

بیابـانی مــەنگۆلیا کــە ئــەمرۆ کازاخــستانو کرغیــستانو تاجیکــستانو تورکــستانو ئۆزبەگستانو ئوکستای چینی مللیو پارچەیەك لـەباکوری رۆژهـەڵاتی ئەفغانـستان دەگرێتەوە..لەدوای داگیرکردنی شاری بەغدا لەلایـەن (تـۆگرۆل)و نـاوی نایـە نازنـاوی (سوڵتان) لە ساڵی 1071جەنگی نێـوان منزیکۆنی کە تۆرانیـەکان بیابـانی مـەنگۆلیا پـێی هەڵسابوونو لەسـەدەی پانزەهـەم بـەرەو سـنوری هینـد بـەرێ کـەوتن لـەپێناو دامەزراندنی خاوەندیەتی زەوی تاکو کەنارەکانی دەریای سپیو دوای ئـەوە چەندین ئیماراتی بچوکی دژ بە یەکتریان پێك هێنا کە لاوازترینیـان ئیمـاراتی (سـەلیبیەکان)و مەگول بوون. ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەرەتای پێك هاتنی توانی ئـەو ئیمارەتانـە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیو بەیەك بوونی تورك بەهێز بکات بەزەیدی بەتورك کـردن لەهەموو لایەنە جۆراو جۆرەکان, جا هەر نەتەوەیەکی نەیتوانی بێ بەرگری لـەبوونی خۆی بکات, یاخود لەو ناوچانەی لەدوا پلەی دواکەوتن بوونـە, کە ئەمـەش بـۆ یـەکم جار لەسەدەی شازدەم دەرکەوتن لەشاری ئەنازۆل لەساڵی 1099و دوای ئـەوە جـەنگی نێـوان پێـك هاتـە نوێیەکـەی تـورکو کۆسـۆ بـوو لەسـاڵی1389 بـە بـەرپابونی لـە ئـەنجامی سـەرە رۆیـی هێـزە بـەزۆر دروسـتکراوەکانی عوسمـانیو لەئەنجامـدا تـوانی دەسەڵاتی خۆی لەسەر ناوچەکە زاڵ بکاتو زۆربەی زۆری ناوچەی بـەلقان بخاتـە ژێـر دەسـەڵاتی خـۆیو لـە 1453/5/29 شـاری قوسـتەنتینیە داگیر بکـەن کـە پایتـەختی بیزەنتیـەکان بـوو, دوایـی کردیانـە پایتـەختی خۆیـانو ناویـان نـا ئەسـتەمبۆلی ئێـستا ..دوای ئەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی توانی دەسەڵاتی فراوان بکات بەسـەرکردایەتی سولتان سلێمان بـەرەو میـسرو سوریاو نیمچە بیابـانی عـەرەبیو هـەنگاوی نـا بـەرەو خاکی ئێستای عێراقو تەرابلسو قوبرسو زۆربـەی خـاکی مەجـەر داگیربکات, دەڵـێن لــەپرێك کــەس نابێــت بــەکورێك بــەلام تــورك لەنــەبوون بونــە خــاوەن دەســەڵاتی ئیمپراتۆریـەتو چـەندین نەتـەوەی تـری لەهـەمان شـێوەو شـێواز بـەلام تـەنیا کـورد نـەبێت کـە بەهـەزاران سـاڵ بـەر لەوانـە خـاوەن خـاكو زمـانو مێـژوو دابو نـەریتو کەلتور بوونە..؟

لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا تۆرانیەکان توشی هەسـتو خواسـتێکی شـێتانە ببـون لـەپێناو تەواوکردنی پێـك هاتـەی بـوونی نەتـەوەیی تـوركو هەڵبـژاردنی ئـاینی ئیـسلام وەك چـەکێك لـەپێناو جێبـەجێکردنی خواسـتەکانیانو لاسـایی کردنـەوە لـە رێنمایـەکانی فتوحـاتی ئیـسلامی کـەبوە هـۆی..یەکـەم فراوانکردنـی سـنوری جـوگرافی عـەرەبو دەرچونیان لەقەبارەی بیابانی عەرەبی, چونکە دەسەڵاتی تورك بەهێزو بازوی لاوانـی

نەتەوە ژێر دەستەکانی توانی بوونی خۆی مسۆگەر بکات چ لەرووی سنوری جوگرافی دەسەلاّتو چ لە چەسپاندنی پێك هێنانی نەتەوەی تورك بە پەلاماردانی گەلانی ناوچەکەو هەرێمەکان, بەتایبەت گەلی کوردو نیشتمانەکەی بە ئەنفال کردنی گەنجی کوردو تالان کردنی سامانو خۆراکیانو ناچارکردنیان بۆ بە تورك بوونیان بەهەموو شێوەیەك هەر ئەوەش بوە هۆی هەلگیرسانی شەری چالّدیران لە 1514/8/23 لەنێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو سەفەوی فارسی کە بەیەکەم دابەشکردنی کوردستان دادەنرێت بە بەلێن دانە یەکتریو دوای ئەوە مۆرکردنی پەیمانی زەهاو لە 1639/5/20 لەنێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو سەفەوەیو فارسی کە بوە هۆکاری یەکەمی کێشەی نێوان کوردو تورك, بەهۆی دابەش بونی کوردستان لەنێوان دوو دەسەلاّتی دژ بەیەکتری بەتایبەتی تورك کەبوونی نەبوو هاتە سەر گۆرەپانو رۆژهەلاّتی کوردستان کەوتە ژێر دەسەلاّتی دەولّەتی سەفەوی فارسیو باکوری تەواوی کوردستان کەوتە ژێر چەپۆکی دەسەلاّتی عوسمانی..سەرەرای ئەوە مێژووی کورد پرە لەمەرگەساتو لەوێرانکردنو دەربەدەری لە بەتورککردنو بەفارسکردنو بەعەرەبکردن لەخاكو لەگەلّ. سەرەرای ئەوە سەرکردەکانی کورد لەسەرەتای سەرهەلّدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەر لە 700سالّ پێش زاین هەردەم نەیانتوانیوە خواستو ویستی کورد بە ئامانج بگەیەنن بەهۆی جیاوازی بیرو بۆچونو پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتیو لەگۆرِنانی بەرژەوەندی گشتیو تایبەتی گەلّو نیشتیمان لەسەر حسابی داچۆراوی خوێنی لاوی کورد, گەرشەقی زەمانە بەرەو قۆناغێکی نوێی گواستبێتەوە تاکو ئێستاش دور لەخواستو ویستی جەماوەرو شەقامی کوردی بەو پەری نیگرانی کوردو بیروبۆچونی سەرکردەکانی ئەنفال کردنی هەستو هۆشی نەتەوایەتیو سارکردنەوەیو دورخستنەوەیان لە گەیشتنیان بە ئامانجەکانیان. مۆرکردنی رێکەوتنامەی سنوری نێوان رژێمی فارسو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە 1911/11/21 کە لەسەر خاکی کوردستانو دابەشکردنی لەنێوان خۆیاندا لەلایەكو بێ رەزامەندی گەلی کورد لەلایەکی ترو نەبونی بەرهەلستکاری دژ بەو دابەشکردنە لەبوارە جیاجیاکاندا..مستەفا کەمال ئەتاتورك بەرەسمی دەسەلاّتی تورکیای لە 1923/11/16 گرتە دەستو کۆماری تورکیای لە 1923/10/26 راگەیاندو دوای گەیشتن بە ئاواتی دیاریکردنی سنوری جوگرافی نیشتیمان بەناو تورکو پالپشتی تەواوی لەلایەن بەریتانیاو ئەمەریکاو لە 1924/3/24دەسەلاّتی خەلافەتی ئیسلامی هەلوەشاندەوەو رژێمی عەلمانی راگەیاندو دەستی کرد بە

ئەنجامدانی هەرکارێك دژ بە دەسەڵاتو خواستەکانی هەمووی لەگۆرنا چ بە سوتاندنو چ بە قەدەغە کردنو چ بە دوور خستنەوەو بە لەناوبردن لەهەموو بوارە جیاجیاکاندا.. لەدوای ئەوە لکاندنی باکوری کوردستان بەرژێمی نوێی تورك لە 1926/6/13و باشوری کوردستانیش بە عێراقو رۆژئاوای کوردستانیش بەسوریای دروستکراو کەبوە هۆی دروستکردنی گەورەترینو ئالۆزترین کێشە لەکێشەوەری ئاسیادا لەنێوان سێ دەسەڵاتو سێ نەتەوەی دژ بەیەکتری لەهەموو لایەنێك تەنیا لەلایەن کێشەی کوردو خاکی کوردستانو داهاتوی نەبێت..لەماوەی راگەیاندنی کۆماری تورکیا تاکو ئێستا بەدەیان رێکەوتنامەی بەمێژوو لەگەڵ رژێمەکانی عێراقو ئێرانو سوریاو ئیسرائیلو روسیای کۆنو نوێی ئێستا مۆرکردوە لەگەڵ بەدەیان کۆبونەوەی هاوبەش لەگەڵ وەزیرەکانی دەرەوەو بەرپرسانی ئەو وڵاتانە لەپێناو بەهێزکردنی جێ پێگەی خۆیو یارمەتی دان لەبەرگری کردن لەدەسەڵاتو وڵاتی بەزۆر دروستکراو لەسەر خاکی کوردو دژی هەموو جۆرە کارێکی خێرخوازیو مرۆییە لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە کوردستانی دابەشکراو بەپێی یاساو رێنماییە نێو دەوڵەتییەکان بەتایبەت رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەتایبەت لەباکوری کوردستانی لکێندراو بە تورکیاو وڵاتانی تری دراوسێی یەکتر لەهەموو بوارە رامیاریو نەتەوەییو ئابوریو کۆمەڵایەتیو رۆشەنبیری کەبەندن بەمێژوو زمانو دابو نەریتو کەلتور, جا بەهێزی سەربازی بوبێت یاخود لە هەوڵە رامیاریەکان بوبێت یاخود ئابوری کە ئەمانە هەمووی بۆتە هۆکاری کاردانەوە لەسەر بارودۆخی تورکیاو بەرزبونەوەی دڵە راوکێی رۆژ لەدوای رۆژ جگە لەتەنگەژەی ئابوریو رامیاریو کۆمەڵایەتی ناوخۆیی.

کۆماری تورکیا لە 50 پارێزگا پێك هاتیوە کە 24 پارێزگا بەرەسمی کوردەو داگیرکراوە ژمارەی دانیشتوانی کە 66.150.000 ملیۆن کەسەو لەو ژمارەیە 20.850.000 ملیۆن کەس کوردە کە رێژەی تورك 48٪ تورکنو بەتورککردنی گەلانی تری ولاتەکەو31.5٪ کوردەو نژادە جیاجیاکانی تریش 18٪واتە رێژەی کورد زیاترە لە تورکو نەژادی تورك بەرەو کەم بوونەوە هەنگاو دەنێ بەشێوەیەکی بەرچاو, لەدوای ساڵی 2015 رێژەی کورد خۆی لە 40٪ دەدا بۆتە نیگرانی دەسەڵاتی داهاتوی تورکیا بەپێی ئامارە لەناکاوەکانی تورکیا..رووبەری تورکیا 200.946میل چوار گۆشەیەو 779.450کیلۆمەتر چوارگۆشەیە لەو رووبەرە 212.000هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە خاکی کوردستانەو 9.121 هەزار کیلومەتر چوار گۆشەی بەر

ئەوروپا کەوتوە.. خاکی کوردستان بەپێی پەیمانی لوزان لە 1923/7/24 بە کۆماری تورکیاوە لکێندراوە بە زۆری زۆردار. واتە بوونی ئالۆزترین کێشەی خاكو نەتەوە لەکێشوەری ئاسیادا بە ئارەزوو خواستی چەند دەسەڵاتێکی دیاریکراو ئەنجام دراوە, لەوانە بەریتانیا بەپلەی یەکەم دێ لەوکاتو, دوایی ئەمەریکاو رووسیاو فەرەنساو ئەفغانستان کەبۆتە کێشەیەکی ترسناكو دڵتەزێن هەر کاتێك لە کاتە گۆرانکاریە وەرگەڕاوەکان کەبەندە بە رامیاریەتی جیهانگەری لەلایەن ئەو وڵاتانەو گۆرینی نەخشەی کێشوەرەکە بە گەرانەوەی بۆ باری راستەقینەی رابردووی کە ئەمەش هەردەبێ روبدات جا ئەمرۆ بێت یا بەیانی بەهۆی بەرزبونەوەی هەستی نەتەوایەتی لەهەموو بوارە جیاجیاکانی زولمو زۆرداری رابردوو ئێستاو چارەسەرکردنی لە داهاتوودا چونکە کێشەی کورد زۆر لەکێشەی فەلەستینی گەورەترو ئالۆزترو گرنگترە کە 22 وڵاتی عەرەبو جیهان پێوەی دڵگرانو بۆتە پرۆگرامی رامیاریەتی نێودەوڵەتی.

هەوڵەکانی رژێمی تورکیا زیاتر لە 40ساڵ دەبێت بۆ چونە ناو یەکێتی ئەوروپا, بەڵام خەونەکانی رژێمی شۆڤینی بەرچاو تەنگی تورکیا وا بە ئاسانی نایەتە دی بەهۆی بەدەیان سەدا کێشەی ئالۆزو گرنگو نالەبار بەتایبەتی کێشەی داگیرکردنی خاكو گەلی کوردە کە بەسەدان ساڵە لەژێر زەبرو زەنگ توشی کارەسات هاتووە لەلایەن دەسەڵاتی تورك دەناڵێنێ بەپێی گۆرانکاری رژێمە یەك لەداوی یەکەکانی چ لە دەسەڵاتی عوسمانیو چ لە دەسەڵاتی دوای عوسمانی بەراگەیاندنی کۆماری تورکیاو دیاریکردنی سنوری جوگرافی ئەو وڵاتە لەسەر خاکی کوردستان. کێشەی قوبرس کە لە 1974/7/20 پەلاماری داو داگیری کرد کەهیچ وڵاتێك تاکو ئێستا دانی بەو کارەدا نەناوە تەنیا رژێمی تورکیا خۆی نەبێتو ناشیەوێت دانی پیا بنێت بەهۆی ئەوەی کە قوبرس ئەندامە لە یەکێتی ئەوروپا..تورکیا کارتی سوری بەدەستە لە پەیمانی ناتۆ بەرامبەر ئەندام بونی قوبرس لەو پەیمانەو قوبرسیش کارتی سوری بەدەستە لە بە ئەندام بونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا..ئایینی ئیسلام کێشەیەکەو رۆڵی گرنگی هەیە لەبە ئەندام بونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپادا کە ئێستاش سەرۆکایەتی رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی دەکاتو زۆربەی زۆری وڵاتانی ئیسلامی جێگەی دڵگرانی وڵاتانی ئەوروپان بەتایبەتی بەریتانیاو ئەمریکاو ئەڵمانیاو فەرەنساو چەندین وڵاتی تر. ئەمەو جگە لەکێشەی رامیاریو نەتەوەییو ئابوریو دیموکراتی لەناوەوەی تورکیا بەتایبەتی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ بەتایبەتی مافی چارەسەری

کێشەی کورد کە بەهۆی دیموکراتیەتی سەربازی بوش رژێمێکی سەربازی سەرەرای هەندێ کاری چاکسازی لە یاساکان‌و دەسەڵاتی مەدەنی بەلاَم ئەو چاکسازیە بەرامبەر 1٪نیە لەبەرەو بە دیموکراتی کردنی رژێمی تورکیا, ئەمە لەلایەك‌و لەلایەکی تر تورکیا ناتوانێ هاوسەنگی لەنێوان هێزی تەرازوی ئەو کاتەی ئێستای ناوچەو هەرێم‌و جیهان دابگری چونکە دوو روویی (الازدواجیە) لە رامیاریەتی جیهانی ئەنجامی لێکترازانەو بەرەو ئاڵۆزتر بونی بارودۆخە ناوخۆیەکەیە زیاتر هەنگاو دەنێ‌و ناتوانێ چارەی کێشە سەرەکیەکان بکات بەتایبەتی کێشەی 20ملیۆن کورد کە رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو بەرزبونەوە هەنگاو دەنێ لەهەموو لایەنە جۆراو جۆرو جیاجیاکانی پەرەسەندن‌و پێشکەوتنی بەپێی گۆرانکاری لەبارو دۆخی جیهانی.

لەدوای ئەو ماوە دورو درێژەو کۆبونەوەی چڕوپڕی نێوەندەکان ئەو هەموو کێشەو گیروگرفتەو هەوڵەکانی تورکیا لەهەموو لایەنێکی پەیوەندی دار, یەکێتی ئەوروپا لە 2005/10/3 رەزامەندی کرد لەسەر دەست پێکردنی گفتوگۆی لەگەڵ تورکیا مۆر کرد لەسەر دانانی بەدەیان مەرجی جۆراو جۆر کە دەبێ تورکیا لەماوەی گفتوگۆیەکانی جێبەجێی بکات لە ماوەی 10تا 15ساڵی داهاتوو ئەویش بەپێی پەرەسەندن‌و پێشکەوتن لەناو گۆرانکارییە نێو دەولەتیەکان‌و هەرێم‌و ناوچە..لەوانە دان نان بە کۆمەل کوژیەکەی 1915/4/24 کە بەرامبەر ئەرمەن‌و کورد ئەنجامی دا, دان نان بە کۆماری قوبرس‌و چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی کوردو بنبڕ کردنی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤو بەرەو داهەزراندنی دام‌و دەزگای مەدەنی‌و دورخستنەوەی دەست تێوەردانی دەزگاکانی سەربازی‌و سەقامگیر کردنی رژێمی زانستی بنەڕەتی‌و بەلاوەنانی ئایین واتە دەزگا ئایینیەکان لێك جیا بکرێتەوە لەگەڵ دام‌و دەزگا زانستیەکان‌و گەلێ کاری تری بنەرەتی‌و هەنگاو نان بەرەو رازی بونی لەسەر شێوازی رژێمە ئەوروپیەکان‌و دەست تێوەرنەدان لە کاروباری وڵاتانی بەتایبەتی دراوسێکانی لەوانەش عێراق‌و بەتایبەتی ئەو ئەزموونەی کە لە باشوری کوردستان هەیە. لەپێناو ئاسانکاری چونە ناو یەکێتی ئەوروپاو بەناو چارەی کێشەی کورد کە سەرەك وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئوردگان لە 2005/8/12سەردانی پارێزگای دیار بەکری کردو دانی تەواوی بە داگیرکردن‌و کێشەی کوردستان‌و گەلی کورد نا بەناوی ئەوەی کە کێشەکە هی خۆمانەو ئێمە چارەسەری دەکەین, (ئا ئەوەتا گەر بیر بۆ خەڵك هەلکەنی خۆت دەکەو تیە ناوی) بەلاَم ئەوەی ئەو دەسەلاَتەکەی بیری لێدەکەنەوە زۆر زۆر لەوە گەورەترە چونکە کێشەی خاك‌و نەتەوەیەکی

نیشتەجێی 24پارێزگا بە ئاسانی چارەسەر ناکرێت بەچەند لێدوانێك‌و كارێكی ڕاگەیاندن‌و زمان خوێندن بەناوی مافی ڕۆشەنبیری, بەڵكو كێشەیەكی مێژوو زمان دایەو نەریت‌و كەلتوره لەسەر خاك, كاره لێكترازاندنەكانی پەیوەندیە كۆمەلآیەتیەكان‌و بەتورك كردن‌و داگیركردن‌و دەربەدەر كردنی بە ملیۆنان خێزان‌و كەسی مرۆڤی كورد لەسەر خاكی خۆی بە سەدان ساڵ بەر لە ئێستاو ئەو كاتەی كە تورك بونی نەبوەو كەس باسی لێوه نەكردیە.
جا ئەمرۆ كوردو سەركردەكانی كوردو نوسەرو ڕۆژنامە نوس‌و مێژوو ناس‌و جوگرافی ناس‌و كەلتور ناس‌و زماناس‌و جەماوەری كورد پاڵە پەستۆی توندو بەهێز بخەنە سەر ڕژێمی تورك لەڕێگەی خۆپیشاندان‌و كۆڕو كۆبونەوەو هەوڵدان لەڕێگەی ڕێكخراوە حكومی‌و ناحكومیەكان‌و بەرپرسانی ولآتانی دۆست‌و دیموكراتی خوازو ماف دۆستی گەلی كورد بەتایبەت بەرپرسانی ولآتانی ئەندامی یەكێتی ئەورووپا بەتایبەتی فەرەنساو ئەلمانیاو نەمساو سوید بەرەو گۆڕینی بارو دۆخەكە لە بەرژەوەندی گەلی كورد لەهەموو بوارە جیاجیاكان لەپێناو بەگەیاندنی ئاوات‌و ئامانجەكان..بون بە ئەندامی توركیا لە یەكێتی ئەورووپا كارێكی باشەو هەوڵی مل كەچ پێكردنی توركیا بێت بەراستیەكانی سەر زەوی لەهەموو بوارەكان‌و كاردانەوەی باش دوا ڕۆژی دەبێ, چونكە دەبێ ئەوەش بزانین لەدەست تێوەردان لە كاروباری دراوسێكان بەتایبەتی باشوری كوردستان‌و بونی بەدراوسێی یەكێك لەو ولآتەكانی یەكێتی ئەورووپاو توانای زیاتر پالە پەستۆی خستنە سەری ئاسانتره لەهەموو لایەنێكەوه كە ئەویش بەندە بەخودی كورد خۆی بەیەك دەنگی لە هەلوێست‌و ڕامیاریەت لەپێناو هێنانە پێشەوەی ئامانج‌و ئاواتە سەرەكیەكانی گەل‌و نیشتمان‌و سەقامگیر كردنی ئاسایشی نەتەوەو نیشتمان.